# چۆن ئیسلامی راستەقینە بناسین ؟؟؟؟

ئەوە پرسیارێکە من و هەزاران هەزارانی تر نازانین لە چ کەسێکی بپرسین؟ ، بەلێ من ئەو پرسیارەم گەلێک جار کردووە و گەلێک جاریش ئەم پرسیارەم لێ کراوە لە لایەن کەسانی ئیسلام و نائیسلام ، بەلام بە داخەوە تاکو ئێستا وولامێکی یەکلا کەرەوەم دەست نەکەوتووە .
زۆر بەی جار لە سەرەتای ئەم پرسیارە زۆربەی زۆری ئیسلامەکان وایان وولام داوەتەوە کە خوا عەقلی داوەتە مرۆڤ و هەموو کەسێک ئەتوانێ بە ئاسانی لە رێگای عەقلەوە خوا بناسێ و بزانێ ئیسلامی راستەقینە چیە . بەلام ئەم وولامە خۆی لە خۆیدا چەندین پرسیاری تر ئەروژێنێ .
ئەگەر عەقلی مرۆڤ بە تەنیا بیتوانیبوایە خوا بناسێ ئەوا بۆچی خوا پەیامی خۆی بە پەیامنێرەکانی بۆ مرۆڤ رەوانە ئەکرد ؟؟ یان بۆچی لە رێگای کتابەکاندا خۆی بە مرۆڤەکان ئەناساند ؟؟؟
ئایا ئەوە مانای ئەوە نیە کە خوا ئەزانێ عەقلی مرۆڤ بە تەنیا بەبێ روونکردنەوە و ئاگادار کردنەوە و خۆناساندن ناتوانێ خوا بناسێ ؟؟؟
ئەوە بۆناسینی خودا ..
دیارە بە باوڕی ئیسلامیش خوا دواهەمین پەیامی خۆی لە رێگای ئیسلامەوە بە مرۆڤایەتی گەیاندووە . ئەمەش کە لە لایەک کۆمەلێک کێشە و گرفتی ناوەتەوە لە نێوان دینەکانی پێش و پاشی ئیسلام، لە لایەکیتریش لە ناو خودی ئیسلام ناکۆکیەکی زۆر هەیە کە هەر لە زووەوە ئەم ناکۆکیە سەری هەلداوە و تا ئێستاش بەرەو ئاستیکی نادیارتر بەردەوامە .
ئەو ململانەی کە لە نێوان ئیسلام و دین و بیر و باوڕەکانی تر هەیە تا ئێستا نەتواندراوە بە شێوەیەکی وا گفتوگۆی لە بارەوە بکرێت کە ئیسلامەکان هەموویان لە سەری کۆک بن دیارە ئەم جیاوازی بۆچوون و لێکدانەوە و شیکردنەوەی کە ئیسلامی بەش بەش کردووە وە ئێمە ناتوانین بە ئاسانی ئیسلامی راستەقینە لە نێو ئەو هەموو ئیسلامە جیاوازانە بدۆزینەوە. هەر هەمان شت دینەکانی تریش پیایدا تێپەڕون و زۆریان تاکو ئێستاش هەر بە ناکۆکی لەگەل یەکتر ماونەتەوە.
بەلام ئەگەر ئێمە لێرەدا تەنیا باس لە ئیسلام بکەین و بەو باوڕە بێینە ناو باسەکە کە ئیسلام دواهەمین دینە و بە هاتنی ئیسلام هەموو دینەکانی تر کۆتاییان پێهاتووە ، ئەوە ئەگەرچی خۆ دزینەوەیە نەوەک توانای باوڕ پێهێنان یان ساخ کردنەوە .
وەک لە نووسینێکی پێشتر ئەم پرسیارەم کردبوو ئایا چۆن تواندرا کتابەکانی تری خودا کە زەبور و ئینجیل و تەوراتن دەسکاری بکرێن و بفەوتێندرێن ؟؟؟؟
بە هەرحال ئێمە پرسیارەکانی خۆمان ئەکەین و بۆ وولامیش گوێ رایەلی هەر کەسێکین کە بتوانێ جۆریک لە وولامان پێ بگەینێت.
کەواتە جارێکی تر دێینەوە سەر ئەوەی کە بلێین ئێمەی مرۆڤ بە تەنیا لە رێگای عەقلی خۆمان ناتوانین وولامی هەموو پرسیارەکان بدەینەوە بۆیە پێویستیمان بە پرسیار کردن و گوێ گرتن و گفتوگۆ کردن هەیە تا بتوانین وولامە راستەکان بدۆزینەوە ..

ئەوەی لێرە پێویستە بگووترێت بکەوێتە پێش هەموو پرسیارەکان ئایا پرسیارکردن لە بارەی ئیسلام حەرامە یان پێویستە ؟؟؟

ئەگەر پرسیارکردن حەرام بێت و هەرکەسە و ئەبێ بە پێی عەقلی خۆی بگاتە باوڕ و ئیسلامی راستەقینە بدۆزێتەوە ئەوا گونوحی ئەو کەسانە چیە کە عەقلیان ناگاتە ئەو قناعەتە و ناتوانن بە گوێرەی عەقلی خۆیان باوڕ بە ئیسلام بێنن یان ئەو خوایە بناسن کە ئیسلام باوڕی پێی هەیە ؟؟؟

ئەگەر پرسیار کردنیش پێویست بێت و ئەرکێک بێت لە سەر مرۆڤ بۆ گەیشتن بە راستی و دۆزینەوەی باوڕی تەواو ، ئایا ئەبێ پرسیار لە کێ بکرێت ؟ کێ راستیەکانی بە تەواوەتی لە لایە ؟ بە کێ بڕوا بکەین و کێ بە درۆزن بزانین ؟؟ لە کاتێک هەر هەموویان پشت بە قورئان ئەبەستن و لە ڕێگای ووتەکانی پەیامنێر راستی ڕێگای خۆیان ئەسەلمێنن ، لە هەمان کات بۆچوون و باوڕەکەیان ئەوەندە لە یەکتر دوورە کە زۆر جار یەکتر تکفیر ئەکەن ، ئایا ئەوە گرفتێک نیە کە ئیسلام لە ماوەی ئەو هەزار و چواسەد سالە نەیتوانیوە چارەسەری بکات ؟؟ بۆ نەیتوانیوە ؟؟ ئایا رۆژێک دێت بتوانێت ؟؟؟

مێژووی سەرهەلدانی بیر و بۆچوونی جیاواز و ناکۆکی بیر و باوڕ لە نێو ئیسلامدا ئەوەندە کۆنە کە هەندێ کەس پێی وایە بۆ سەردەمی خودی پەیامنێر ئەگەڕێتەوە ، بەلام پەیامنێر بە هەر شێوەیەک بووبێت توانیویەتی ناکۆکیەکانی نێوان هاوڕێ و یاوەرەکانی کەم بکاتەوە . بەلام وا دیارە نەتواندراوە بە تەواوەتی ئەو ناکۆکیانە بن پڕ بکرێن بۆیە لە دوای کۆچ کردنی هەر زوو ناکۆکیەکان سەر هەلئەدەنەوەو ئەگەنە ئاستی سەرسوڕ هێنەر ...

وا دیارە ئەم ناکۆکیانەش تەنها لە سەر ئاستی بەڕێوە بردن و دەسەلاتی سیاسی نەبووە بەلکو ناکۆکی بیر و بۆچوونیش لە نێوانیاندا بە ئاستێکی وا هەبووە کە یەکتریان تەکفیر کردبێ .

بۆ نمونە لە کتابەکەی (فوئاد مەجید میسری) دا (بیری ئسولی ئیسلامی . خوێندنەوەیەکی سوسیۆلۆژی رەخنەیی) لە لاپەڕە ٦٥ و ٦٦ دا بە پشت بەستن بەم سەرچاوانە . الشافعی .الرساله. وە التبری . جامع البیان عن تاویل آی القران وە السیوطی . الاتقان فی علوم القران وە محمد ابو زهره. الشافعی، حیاته و عصره و اراءه الفقهیه ..دا دەلێ ،

مێژوو نووسان و ئەوانەی کە قورئانیان تەفسیر کردوە دەلێن (پەیامبەر گوتوویە : قورئان بە حەوت شێوەزمان هاتووە). تەبەری پاش هەولێکی زۆر گەیشتە ئاکامێک کە ئەو حەوت شێوەزمانەی پەیامبەر باسی کردوون پێنچیان هی (هەوازن)و دووانیان هی (قوڕەیش)و (خوزاعە) ن .. ئەبوبکر و عومەریش هەریەکەیان لە سەردەمی خۆیاندا ڕێگایان داوە قورئان بەو شێوەزمانانە بخوێندرێتەوە ..

لە درێژەیدا دەلێ .. خوێنەر مافی خۆیەتی کە بپرسێ ، ئەی بۆچی ئەم دەقەی قورئان کە ئێستا کاری پێدەکرێ هەمووی بە یەک شێوەزمان نووسراوە ؟؟

تەبەری وولامی ئەم پرسیارە دەداتەوە و دەلێ ، موسلمانان وایان بە چاک زانی یەک شێوەزمان پەیڕەو بکەن و دەستبەرداری شێوەکانی تر ببن ..

دوایش السیوطی دەڵێ .... لە سەردەمی (عوسمانی کوڕی عەففان) قورئان کۆکراوەتەوە هەر ئەویش فەرمانی داوەتە ئەو چەند کەسەی ئەو ئەرکەی پێسپاردون ، تەنها شێوەزمانی قوڕەیش پەیڕەو بکەن . کاتی خۆشی ئەم مەسەلەیە کێشەیەکی گەورەی لێکەوتەوە ، تا ئەو رادەیەی هەر لایەنە و ئەوەیتری تەکفیر کرد .
بەڵێ ئەگەر خودی سەرچاوە مێژوویی و خودی زانایانی ئیسلام ئەمامان پێڕا بگەینن کە هەروا لە زووەوە ئەم جۆرە ناکۆکی و تەکفیر کردنە لە ناو ئیسلامدا هەبووبێ و تا ئەمڕۆش بە شێوەیەکی زۆر ئاڵۆزتر بەردەوام بێت ، ئێمە چۆن بتوانین ئیسلامی راستەقینە بدۆزینەوە ؟ ئێمەش باوڕ بە کێ بێنین و کێ تەکفیر بکەین ؟؟
لە هەمووشی سەیرتر ئەوەیە کاتێک هەر لایەن و گروپێک ئەوەیتر رەت ئەکاتەوە و بە هیچ شێوەیەک ناتوانن باوڕ بە یەکتر بێنن ، بگرە زۆربەیان یەکتریش تەکفیر ئەکەن و هەولی لەناو بردنی یەکتریش ئەدەن .
ئایا ئەوە مانای ئەوە نیە کە چەندین ئیسلامی جیاجیا هەیە ؟؟
لە هەمان کاتدا کە ئەوان بۆیان هەیە بە ناوی مەزهەب و عەقیدە و تەریقەت و ئیمامەت و زانایی و دینداری و نزیکی لە خوا و مەرجەعیەت و فقیهیەت و......... هتد ، بە پێی بەرژەوەندیەکانی خۆیان تەفسیر بۆ ئیسلام بکەن ، ئەی بۆ  بۆ کەسانێکتر ئەو مافە نیە؟
ئایا ئەرکی سەرەکی ئیسلام ئێستا ئەوە نیە لە لە ناوخۆیان بتوانن یەک قناعەت دروست بکەن و بە یەک بیر و باوڕ وولامی ئەو پرسیارانەی ئێمە بدەنەوە ؟؟
ئەگەر ئەوان ئەوەیان بۆ ناکرێت و ناتوانن راستی و ناراستی لە ناوخودی خۆیان دیاری بکەن و بەم شێوەیە بەردەوام بن لە تەکفیر کردنی یەکتر ، ئەوا با واز لە خەلک بێن و لەوە زیاتر هەڕەشە لە کەسانێک نەکەن کە وەک ئەوان بۆچوونی جیاوازی خۆیان هەیە و تێگەیشتنی تایبەتی خۆیان هەیە بۆ ئیسلام .
بۆ نمونە..ئایا عەبدولخالق معروف لە کتابەکەیدا ئەڵێ خوا نیە ؟ یان ئەڵێ دوو خوا هەن یان زیاتر؟؟ یان گوتوویەتی ئیسلام راست نیە ؟ یان چ کفرێکی کردووە ؟؟
هەرکەسێک کە کتابەکەی ئەخوێنێتەوە جگە لە تەفسیرکردنی قورئان و هێنانەوەی حەدیسەکانی پەیامنێر و تێگەیشتنی خۆی لە بارەیانەوە شتێکی زۆرتری تیادا نیە، هەر وەکو زۆربەی زۆری ئیسلامەکانی تر ، ئەی بۆ کافر کرا و تیرۆر کرا؟ من پێشئەوەی کە کتابەکەی فوئاد مەجید مسری بخوێنمەوە پێم وابوو کە ئەم نووسەرە ئیسلامی رەتکردۆتەوە یان دینێکی تری لە ئیسلام بە باشتر زانیوە یان.... یان....یان  هەر شتێکیتر کە پێم وانیە بە هیچ شێوەیەک مرۆڤ لە سەر بیر و باوڕ بکوژرێت ئەوە وەک بۆچوونی خۆم ،
بەلام کاتێک هەر دوو کتابەکەی فوئادم خوێندەوە ( بیری ئسولی ئیسلامی ) و (دادگا) زۆر سەرم سوڕما لە تەکفیر کردنی فوئاد و هەڕەشەکردن لێی بە کوشتن. وە بێ دەنگی هەر هەموو گروپەکانیتری ئیسلامی بە هەموو مەلاکانی کوردستانیش سەبارەت بەم فتوایە مانای رازی بوونیان ئەگەینێ . لەکاتێک فوئاد جگە لە کۆکردنەوە و نووسینەوەی بیر و باوڕی

ئیسلامەکان و مێژووی ئیسلام لە سەرچاوە ئیسلامیەکان و وەرگێڕانی بۆ کوردی هیچ شتێکیتری نەنووسوە ..

ئەوانە و گەلێک نمونەی تر هەن کە باسیان لێوە بکرێت و ئەوە ساخ بکرێتەوە کە ئێمەش بزانین کفری ئەم نووسەرانە لە کوێندەرەوەیە ؟ یان کێ مافی تەکفیر کردنی کەسانی تری هەیە ؟؟

ئەمرۆش مەریوان هەلەبچەیی لەبەر دەم هەمان گرفت دایە و ناشزانین کە بەیانی چەندین کەسانی تر ئەکەونە بەر دەم ئەم هەڕەشانە .

لە کۆتایدا جارێکیتر ئەپرسم:::::: چۆن بتوانین ئیسلامی راستەقینە بناسین ؟؟؟؟؟؟؟؟

هەندرێن ح.